# نووسەرێک لە کۆشکی عاجدا

## (بە بۆنەی چاپی وەرگێڕانی کوردی نۆڤلێتی کەڵەشێر، بەرهەمی ئیبراهیم گوڵستان)


نینا کەریمی
(سنە)

ئیبراهیم گوڵستان، نووسەر، وەرگێڕ و دەرهێنەری ئێرانی، لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی لە شاری شیراز و لە بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتوو لەدایک بووە. باوکی محەمەد تەقی گوڵستان ڕۆژنامەوان، دامەزرێنەری ڕۆژنامەی گوڵستان بوو لە شیراز و یەکەم نوێنەری پارێزگەی فارس بوو لە پەرلەمانی دامەزرێنەراندا کە حکوومەتی ئێرانیان لە قاجارەوە کرد بە پالەوی.

ئیبراهیم کە لەتەمەنی ١٤ ساڵیدا فێری هەر دوو زمانی فەڕەنسی و عەرەبی بووبوو، پاش تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی، بۆ خوێندنی یاسا لە زانکۆی تاران وەرگیرا و هەر لەو شارە و لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆی بە ناوی فەخری گوڵستان، کە یەکێک لە بەناوبانگترین گۆزەچییەکان و چالاکانی مافی منداڵانی ئێرانە، ژیانی هاوسەرگیری پێک هێنا. بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییە کچ و کوڕێک بوون بە ناوی لەیلا و کاوە، کە دواتر هەردووکیان دوای حەز و تاسەی هونەرمەندانەی دایک و باوکیان کەوتن. لەیلا دەستی بە وەرگێڕان و نیگارکێشی کرد و گالەری گوڵستانی لە دەڕووسی تاران دامەزراند. کاوەش بوو بە وێنەگر و دەرهێنەری فیلمی دوکیۆمێنتاری و لە شەڕەکەی عێراق و ئەمریکادا، لە شاری کەرکووکی هەرێمی کوردستان و بە هۆی تەقینەوەی مین، گیانی بەخت کرد.

گوڵستان لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا، لەگەڵ سادق هیدایەت و ساڵێک پاش ئەوە لەگەڵ موحەمەد موسەدیق سەرۆک وەزیرانی بەناوبانگی ئێراندا ئاشنا بوو، دواتر لە دادگەکەی موسەدیق - دا کۆمەڵێک وێنەی لێ گرت، کە بوون بە دوایادگارەکانی ئەو کەسایەتییە مێژووییە. پاش ئاشنایەتی لەگەڵ کاروباری سیاسی، بوو بە ئەندامی حزبی توودەی ئێران و لەگەڵ جیابوونەوەی یەکەم لقی ئەو حزبە، لەبەر ئەو شتەی کە خۆی وەک سەلامەت نەبوونی پێوەندییە سیاسییەکان و پاوانخوازی کەسایەتییە حزبییەکان باسی لێ دەکرد، حزبەکەی بەجێ هێشت. پاش ماوەیەک وەک فەرمانبەری بەشی چاپەمەنییەکانی کۆمپانیای نەوتی ئێران ڕۆیشت بۆ ئابادان و لەوێ بوو بە بەرپرسی چاپەمەنییەکانی کۆمپانیای نەوتی ئێران و بەریتانیا و هاوکات دەستی بەکاری وەرگێڕانی ڕۆمانە بەناوبانگەکانی جیهان کرد.

لەگەڵ بەرهەمهێنانی چەندان کتێب و گۆڤار و چەند فیلمێکی دوکیۆمێنتاری، بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی دەیلی نیوزی بەریتانیا. دواتریش کۆمپانیای فیلمی گوڵستانی دامەزراند و بە وەرگرتنی خەڵاتی فیستیڤاڵی فیلمی ڤێنیزی ئیتاڵیا، ناوی وەک یەکەم دەرهێنەری ئێرانی کە خەڵاتێکی نێونەتەوەیی وەرگرتووە، لە مێژووی سینەمای ئێراندا تۆمار کرا. هەر لەم کۆمپانیایەدا لەگەڵ فرووغ فەڕوخزاد خانمە شاعیری فارسدا ئاشنا بوو و یارمەتی دا بێتە نێو دنیای فیلم و دەرهێنانەوە، بەڵام پێوەندییەکەی فرووغ و گوڵستان تەنیا سەبارەت بە هونەر و سینەما نەبوو، فرووغ عاشقی گوڵستان بووبوو و گوڵستانیش لەگەڵ ئەوەی کە ژن و منداڵی هەبوو نەیدەتوانی نکوڵی لە هەستی خۆی بکات؛ بۆیە هەموو هەوڵێکی خۆی دەدا فرووغ ڕۆژ لە



**ئیبراهیم گوڵستان**

دوای ڕۆژ زیاتر گەشە بکات؛ بۆ خوێندن ناردی بۆ دەرەوەی وڵات و یارمەتی دا فێری زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی ببێت، هەروەها لەنێوان ئەو و نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەو دەمەی ئەورووپادا پێوەندی بەست، بۆیە ڕەخنەگرەکان ژیان و بەرهەمەکانی فرووغ بە دوو بەشی پێش و پاش گوڵستان پۆلێنبەندی دەکەن و پێیان وایە فرووغ پاش ناسینی گوڵستان، جۆری جیهانبینی گۆڕاوە و گەشەیەکی بێ وێنەی سەندووە.

چیرۆکی خۆشەویستی فرووغ و گوڵستان، چیرۆکێکی پڕ لە بەرز و نزمییە، کە بە کۆچی دوایی فرووغ لە ساڵی١٩٦٧ کۆتایی پێ هات. کاوە گوڵستان سەبارەت بە مەرگی فرووغ دەڵێت:

«کاتێک فرووغ مرد، هەموو شتێک گۆڕا. باوکم تووشی حاڵەتێکی سەیر بووبوو. کەشێکی قورس و سامناک باڵی بە سەر ماڵەکەماندا کێشابوو. من و دایکم بەرگەی ئەو هەموو خەم و پەژارەیەی باوکمان نەدەگرت. بووبوو بە کەسێک کە نە دەتتوانی قسەی لەگەڵ بکەیت

و نە بە هیچ شێوەیەک پێوەندی لەگەڵ بگریت. لە ماڵەوە بوو، بەڵام دەتگوت لە دنیادا نەماوە. وە بیرم دێتەوە کە لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە سەیری حەوشەم دەکرد، دەمبینی کە باوکم لە ژێر ئەو دار سنەوبەرانەی کە خۆی چاندبوونی، وەک کەسێک کە خەو بردبێتییەوە، وەستاوە و بۆنی سنەوبەرەکان دەکات. خەم لە دەوریدا شەپۆلی دەدا.»

گوڵستان ساڵی ١٩٧٧ و پێش شۆڕشی ئیسلامی، بۆ هەمیشە ئێرانی بەجێ هێشت، کۆشکی وایکهێرست پلەیسی لە بەریتانیا کڕی و تا دوایەمین ڕۆژی ژیانی، واتە ٢٢ی خەزەڵوەری ٢٠٢٣ لەوێ ژیا.

ئەگەرچی کاریگەریی گوڵستان لە سەر ئەدەبیات و سینەمای ئێران حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ژیانی ساماندارانە، لووت بەرزی و بوێرییەک کە لە دەربڕینی بیر و بڕوای خۆیدا هەیبوو، هەروەها ماستاو نەکردن بۆ کەسانی تر و نەسڵەمینەوە و پێداگری لە سەر ڕاستییەکان، وای لێ کردبوو هەم حکوومەت بە قەدەغەکردنی بەرهەمەکانی هەوڵی سڕینەوەی بدات و هەم لەلایەن نووسەر و ڕووناکبیری هاوسەردەمی خۆیەوە بکەوێتە پەراوێز و ژیانێکی گۆشەگیرانەی بەسەردا بسەپێت. تا ڕادەیەک کە ئەم دواییانە پێوەندییەکەی لەگەڵ فرووغ فەڕوخزاددا، لە خۆی و بەرهەمەکانی بەناوبانگتر بوو. گوڵستان بە ڕاشکاوی باسی ئەوەی کردبوو کە ئەحمەدی شاملوو بە بێ زانستی زمانی، دەستی بۆ وەرگێڕان بردووە و جەلال ئال ئەحمەد وەرگێڕانەکانی سیمینی دانشوەری هاوسەری بە ناوی خۆیەوە تۆمار دەکات. ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی شاعیری ئێرانیش لە وتارێکدا بە ناوی «حەقیقەت تاڵە» نووسیبووی: «لەگەڵ ئەوەی کە گوڵستان -یان بەردەوام تۆمەتبار دەکرد و دەیانگوت لە کۆشکی عاجدا دەژیت و چیمەنی حەسارەکەی لە ئەفریقاوە هاتووە، تەنانەت بەزەییان بە بنەماڵەکەشیدا نەدەهاتەوە، گوڵستان تەواو بێتاوان بوو و هەتا ئەمڕۆش قوربانی ئیرەیی و کینەی کەسانی تر بووە. یەکێک لە شاعیرەکان جارێکیان بە منی گوت: ئەمە چ هونەرمەندێکە کە نە تلیاک دەکێشێت، نە جگەرە دەکێشێت و نە دەشخواتەوە؟ ئەمە شێوازی داوەریکردنی ڕووناکبیرەکانمان بوو بەرانبەر بە گوڵستان! بەڵام ئەو نە قەت باجی بە کەس دا و نە لە کەس ترسا و نە حسێبی بۆ کەسیان کرد، چونکە تەواو بێتاوان و پاکیزە بوو.»

هەرچەند گوڵستان لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا هیچی بڵاو نەدەکردەوە، بەڵام چەند فیلم و کتێبی لە پاش خۆی بە جێ هێشتووە کە شایەنی خوێندنەوە و سەرنجن. بە داخەوە تا ئەم دواییانە هیچ یەک لە بەرهەمەکانی نەکرابوون بە کوردی و تەنیا بەرهەمی وەرگێڕدراوی ئەم نووسەرە نۆڤلێتی کەڵەشێرە کە مانگێک پاش کۆچی دوایی خۆی، لە لایەن چاپەمەنی ڕەهەندەوە چاپ کرا.

نۆڤلێتی کەڵەشێر وەک یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی گوڵستان، چیرۆکێکی چەند ڕەهەندی و چەند لایەنەیە. ئەم چیرۆکە نە تەنیا بێزاری نووسەرمان بەرانبەر بە پێوەندییە بەرژەوەندیخوازانەکانی مرۆڤی هاوچەرخ نیشان دەدات، بەڵکوو لەلایەن زۆر ڕەخنەگری ئەدەبییەوە وەک بەرهەمێکی دووربینانە دەستنیشان کراوە کە بە کەڵک وەرگرتن لە هێماکان، داهاتووی ئێران و شۆڕشی ٥٧ ی پێشبینی کردووە.

کەڵەشێری هەژێنەری چیرۆکەکە لە شارێکدا کە بۆنی نەوتی لێوە دێت، بەڵام لە ژێر باری کۆنبوونی خۆیدا چەماوەتەوە، نەک لە ژێری

مریشــک، کــە لــە ژێــری کاتژمێرێکــی دیوارییــەوە هەڵدێت. ڕێک لـە کاتی نیـوەڕۆدا، واتە ئـەو کاتەی کـە دەبێـت بانـگ هەڵبـدا و جەماوەرێکـی نووسـتوو بـە ئـاگا بێنێتەوە. خەڵکی شـارەکە، کۆنەپەرسـتانە شـانازی بـە دابونەریتـی بـاب و باپیـری ملهوڕیانـەوە دەکـەن و هیـچ گۆڕانکارییەکیـان بـە لاوە گونجـاو نییـە. کەڵەشـێر، لـە ئاوەهـا بارودۆخێکدا بـەردەوام دەقووقێنێـت و خەڵکەکـە ڕادەچڵەکێنێـت. خەڵـک ڕقیـان لێیەتـی، چونکـە لەلایەکـەوە ئارامـی ژیانـی یەکدەسـتیان تێـک دەدات و لەلایەکـی تریشـەوە دەترسـن لـە مریشـکەکانیان بپەڕێت و هەمـوو شـار پـڕ بـکات لـە جووچکـە و کەڵەشـێری هاوشـێوەی خـۆی.

کەڵەشـێر وەک هێمـای ڕووناکبیـر، یـان ڕزگارکەرێک، تەنانـەت ئـەو کاتـەی بـە فرتوفێـڵ و بـە هاودەسـتی دوژمـن دەکەوێتـە داو و ڕادەسـتی حاجـی دەکرێـت، واز لـە سـەرهەڵدانی خـۆی ناهێنێت و بـە باڵەکوتـە و دەنـگ هەڵبڕیـن، تـرس دەهاوێتـە دڵی جەمـاوەرەوە. لە کاتـی قوربانـی بوونیشـدا، جموجووڵێـک دەبەخشـێتە ئـەو خەڵکـە دڵ مـردووە ترسـنۆکەی کـە وەک نووسـەر دەڵێـت پێکەنینیـش وەک بوێریەکـی ئاسـایی لـە نێوانیانـدا بـاو نییـە. لـە کۆتاییشـدا بوێرییەکـی وا بـە نـەوەی نـوێ دەبەخشـێت کـە کۆشـک و تـەلاری دیکتاتـۆر بسـووتێنن و لـەو بەرزییـە سـاختەیەوە بیهێننـە خـوار و ڕێگـە نـەدەن کـەس بـە گەورەیـی بیهێنێتـەوە یـاد.

گوڵسـتان لـەم چیرۆکـەدا هاوشـێوەی بەرهەمەکانی تـری، نـەک هـەر کۆنەپەرسـتی کـە دووڕوویـی و خۆبەزلزانـی مرۆڤـی هاوچەرخیـش دەخاتـە بـەر ڕەخنـە و هەمـوو هەوڵێکـی خـۆی دەدات ڕاشـکاوانە و ڕاسـتگۆیانە ئاوێنەیـەک بخاتـە بـەر دەسـتی خوێنەر، تـا بـە خۆیـدا بچێتـەوە و گومـان لـە هەمـوو ئـەو بـاش و خراپانـەی بـکات، کـە لەگەڵیـان ڕاهاتـووە.